www.kurdistannet.org
26-11-2006 13:23بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# نوێگەریی ئیسلامی؛ مانا و چۆنێتی و رادەی پێویستبوونی ... ئا: ئاکۆ هۆرێنی .. بەشی یەکەم

نوێگەریی ئیسلامی، یان پرۆسەی نوێگەری لە ئیسلامدا، یەکێکە لە پرسە هەرە گرنگ و هەستیارەکانی ئەمرۆی جیهانی ئیسلامی، هەرچەندە ئەم پرسە لە رووی مێژووی ئیسلامییەوە شتێکی تازە و نامۆ نییە لە ئیسلامدا، بەڵام پێشکەوتن و فراوانبوون و ئاڵۆزبوونی ژیانی مرۆڤایەتی و گەشەکردنە خێراکانی نێو واقیعی رۆژانەی مرۆڤ، وای کردووە کە مەسەلەی نوێگەریی ئیسلامی زیاتر خۆی بنوێنێت و رۆڵ ببینێت بۆ ئەوەی موسڵمانان بتوانن بە هەمان دیدی رەسەنی ئیسلامیی خۆیانەوە لەگەڵ سەردەمی نوێدا گوزەران و مامەڵە بکەن.. بە مەبەستی کردنەوەی دەرگای ئەم پرسە و کۆمەڵێك لایەنی پەیوەندیدار پێیەوە، ئەم تەوەرەمان ساز داوە لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی رۆشنبیری ئیسلامیدا بە رووبەرووکردنەوەی ئەم چەند پرسیارە:

نوێگەریی ئیسلامی یان نوێگەری لە ئیسلامدا، مانای چییە؟ ئەمرۆ تا چ ئاستێك و بۆچی پێویستمان بەو پرۆسەیە هەیە؟ ئایا نوێگەریی ئیسلامی توانای مامەڵەکردن و پێکەوەژیانی هەیە لەگەڵ واقیعی ئەمرۆ و لێشاوی جیهانگەرایی و دیدەکانی بەرامبەردا و... چۆن؟ چ تێبینییەکت هەیە لەسەر ئەو نوێگەرانەی (مجدد) انەی لەم سەردەمەدا پرۆسەی نوێکردنەوەی ئیسلامیان پیادە کردووە؟ بە رای تۆ ئەو دیسپلین و هێڵە گشتییانە چین کە پێویستە لە نوێگەریی ئیسلامیدا پیادە بکرێن؟ یاخود چۆن و لە چ بەشێکی ئیسلامدا نوێگەری ئەنجام دەدرێت؟

عەلی کەلاری (رۆشنبیر) :

لە راستیدا دەتوانین بڵێین نوێگەری بەرچاوترین خاڵی چاوتێبڕینی بیر و فەلسەفەی نوێیە (پوختەی نوێگەریش گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوونە)، نوێگەری بە مانای وەك ئەمرۆی ژیان یان هاوتابوون لەگەڵ رۆژگاری ئێستادا... نوێگەری بە مانای مێژووی گشت شارستانیی تازە و نوێی کۆمەڵگەی رۆژئاوا، کە دواتر ئەم مێژووە دەکرێت یان دەسەپێنرێت بەسەر گشت کۆمەڵگاکانی تردا، ئا لێرەشەوە چرکەی بەجیهانیبوونی ناکۆکی، وەك دەڵێن پارادۆکسەکانی گەردووناوی لەدایك دەبێت، کەوابوو رەوتی سەرانسەری و رۆحی سەرتاپاگەری پرۆسەی نوێگەرایی هەموو کۆمەڵگە جوداکان لە یەك وتاری شارستانی و کۆمەڵایەتیدا گیر دەکات و دەشیانکات بە یەك بەرهەمی مێژوویی.

دوای ئەم پێشەکییە گەر بمانەوی سەبارەت بە نوێگەریی ئیسلامی بدوێین، لە راستیدا باسێکی ئێجگار هەستیار و گرنگە، چونکە لەم دواییانەدا ئەم مەسەلەیە گرنگییەکی تایبەتی پێ دەدرێت و یەکێکە لە خواستەکانی گۆڕانکارییە نوێیە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و ئابوورییەکانی جیهانی ئیسلامی، کە بەهۆی سەردەمی نوێوە سەریان هەڵداوە، تەنانەت لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەدەر لە ئیسلام مەسەلەی نوێگەری یەکێك بووە لە گرنگترین کێشە جەدەلییەکانی جیهانی کاسۆلیك و مەسیحیەت، بەڵام دەربارەی ئیسلام و نوێگەری لەبەرئەوەی فاکتەرەکانی هێز و ژیانەوە هەمیشە لە ئیسلامدا ئامادەییان هەبووە و هەیە، تەنانەت لەم چەرخانەی دواییدا گەلانی موسڵمان هەمیشە و هەموو کات هەستی بە ئینتیما کردووە بۆ ئیسلام و باوەڕی وایە سەرچاوەی هێز و بنەمای راپەڕینیەتی لە ژیاندا، بۆیە هەرکات شەوەزەنگ توند بێت و مەترسیی کەوتن هەبێت، هزری هاوچارەنووسی لە ئیسلامدا توندتر دەبێت و، باوەڕی گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی پاکی ئیسلام توندتر دەبێت بۆ چارەسەری قەیرانی شارستانیەتەکان، لێرەوە لە هەموو چەرخ و سەدەیەکدا نوێگەران لە جیهانی ئیسلامدا دەرکەوتوون و هەوڵیانداوە ژیانێکی نوی بکەنەوە بە بەر ئوممەتدا لە سەرجەم بوارەکانی بیروباوەڕ و شەریعەت و دیاریکردنی چارەسەری گونجاو بۆ لایەنە سلوکی و بانگەوازییەکان و ئامادەکردنی هێز و پیاچوونەوەی

ژیاری بە مەبەستی چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان، وەك پێغەمبەر (د. خ) دەفەرموێت: (ان اللە یبعپ لهڤە الامە علی راس کل مئە سنە من یجدد لە دینها) لە سەردەمی نوێشدا نوێگەرانێکی وەك ئەفغانی و موحەممەد ئیقبال و سەعیدی نەورەسی و سەنوسی و بن بادیس و موحەممەد عەبدە و رەشید رەزا و... هتد لەناو گەلانی موسڵماندا دەرکەوتوون و توانیویانە ئەو نوێگەرایيە بگۆڕن بۆ بێدارییەکی ئیسلامی راستەقینە و لەسەر شێوازی چەند بزاڤێکی نوێی ئیسلامخواز، ئەمەش وایکرد عەهدێکی نوی دروست ببێت و سەرجەم چەمکە کۆنەکان راست بکرێنەوە و بچینە قۆناغی نوێبوونەوەی ژیاری و ئایندەیەکی پرشنگدار تر..

بێگومان وەك لە پێشەوە ئاماژەم پێکرد ئەمڕۆ زۆر پێویستمان بە پرۆسەی نوێگەری هەیە بە مەبەستی هەماهەنگ بوون لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەدەی نوێدا.. ئیسلامیش لە هەناوی خۆیدا توانایەکی باشی مامەڵەکردن و پێکەوە ژیانی لەگەڵ نوێگەریدا هەیە سەرباری جیهانگەرایی و لێشاوی رۆشنگەرایی ئەمڕۆ.. ئەزموونی ئیسلامیش ئەمەی سەلماندووە، چونکە پەیوەندیی ئەزموونی ئیسلامی و نوێگەری ئەزموونێکی تێکەڵ و پەیوندیی یەکتر تەواوکردن و کارکردنە لەناو یەکتریدا، چونکە نوێگەری نەفی مانا و ئەزموونە تەقلیدییەکانە و گەڕانە بەدوای مانای نوێ و ئەزموونی نوێدا، ئیسلامیش لە هەناوی خۆیدا مەفهومە بنەڕەتییەکانی نوێگەریی هەڵگرتووە، کە گەڕانە بەدوای مانای نوێ و کارکردنی نوێدا، ئەگەرچی نوێگەری وەك چەمکێك هەڵقوڵاوی کولتوری ڕۆژئاواییە و لە سەردەمی رۆشنگەرییەوە بەکارهاتووە، بەڵام جەوهەری نوێگەری بەرهەمی ماندووبوونی ملیۆنەها ئینسانی ئەم دونیایە، مرۆڤایەتی بۆ ماوەی سەدان ساڵ بە مێژوویەکی خوێناوی دۆگماییدا تێپەڕیوە بۆئەوەی بیسەلمێنێت نوێگەری پێویستە، نوێگەریش لە بوارەکانی ئابووری و سیاسی و ئەدەبی ژیانماندا بە تەواوی مانای رەتکردنەوەی مانا چەسپاوەکان و دۆزینەوەی مانای نوێ و فۆرمی نوێیە، بەڵام سەبارەت بەو دیسپلین و هێڵە گشتییانەی کە لە نوێگەریی ئیسلامیدا بەدی دەکرێت بۆ نموونە لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا زۆر بە توندی لەنێوان موسوڵمانانداندا پەرەی سەندووە، ئەمڕۆ بزووتنەوە سیاسییەکان بە مەبەستێکی ئیسلامییەوە لەو بیرکردنەوەیەوە سەر هەڵدەدەن.. کە ناکرێت بڕوای ئیسلامی لەو شوێنەوارانەی کە لە ژیانی دونیەویدا روو دەدەن جیا بکرێنەوە و، ئیسلام دەبێت شوێنکاری دونیایی خۆی نیشان بدات.. رەوتی دونیەوی بوونی ئاین لە جیهانی ئیسلامیدا بەتەواوی دەبینرێت، هەروەها ئیجتیهادی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی سات و شوێندا لە مەسەلە فیقهییەکان و دەرکردنی فتوای زۆر نوێ و بە شێوەیەك رابردووی نەبووە بۆ قەبوڵکردنی پێویستییەکانی ژیانی نوێ بەو شێوەیەی کە (ئیقبالی- گەورە نوێگەری ئیسلام) دەڵێت (نەگۆڕ) و (گۆڕاوەکان) لەگەڵ یەك بسازێنرێت..